# ئەسمەرو بێستوون

## بۆ ئەنفالستان دەدوێن،چۆن لەئەنفال رزگاریان بوو ؟



**بێستوون حەسەن :**

**با پێناسێکی رێزلێنان بۆ کەسوکاری ئەنفال، بکەن بۆ ئەوەی لەدامو دەزگاکانی حکومەتدا بەرێزەوە مامەڵەمان لەگەڵ بکەن، ئەوسا قەسروقسورمان ناوێ.**

**ئەسمەرئەحمەد پیرۆت :**

**گوتم: ئەیەرۆ پیاوەکە ئەنفال چیە؟**

**ئەو گوتی : یەعنی دەفەوتێن .**

عومەر محمەد

٢٨ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٨

کاتژمێر: ٨ی شەو .

ئێوارەیەکی درەنگ وەخت گەیشتمە ناوئۆردوگای پیرەمەگروون، سەرەتا چوومە ماڵی غەفور حەسەن سێدەری کەئەوانیش خاوەنی چیرۆکی تراژیدی و تایبەتن، دوای ئەوەی دیدارم لەگەڵ ئەندامانی ئەو خانەوادەیە " سیوەو تەیفورو غەفور"[1] ئەنجامداو پاش نانخواردنی ئێوارە، بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی خانەوادەیەکی دی، هەرلەو گەرەکە چوینە ماڵی "ئەسمەر ئەحمەدپیرۆت" ئەسمەر ژنێکی تەمەن مام ناوەندی بوو، لە دایک بووی ساڵی (١٩٦٥)ە. ئەو ژنە کەپێشتر لەگوندی قەرانگوێ هەڵسوکەتی کربوو، لەوێ گەورە بیووئێستا ئۆردوگا نشینە، لەسیمایدا خەمێکی قوڵ بەدیدەکرا، دوای ئەوەی رۆچوینە ناو خەمەکانیەوەو قسەی بۆکردین باسی کرد کە سێ کوڕی لە یەکەمین قۆناغی ئەنفالدا گیراون و بێسەرو شوێنکراون.

لەو کاتەدا تەنها بێستونی بۆ دەربازبووە، ئەم خێزانە جگە لە کورەکانی خۆیان ٢٨ کەس لە کەسوکاریان گیراون و ئەنفالکراون و هەتا ئێستا چارەنوسیان نادیارە، بەرلەوەی بچینە ناو گفتوگۆکەمانەوە بێستون هەندێک زانیاری لەسەر ئەنفالی ناوچەکەیان و بەسەرهاتی خۆیانو خزمەکانیان بۆباسکردین، لەناو قسەکانیدا دەردەکەوێت، کە باوکی خۆیو باپیری بەداخی ئەنفالەوە نەخۆش کەوتوونو لەراستیدا هەر بەو دەردەشەوە مردوون، ئەم خێزانە لەسەروەختی پەلامارەکانی ئەنفالی قۆناغی یەکەمدا کە دۆڵی جافایەتی و شارباژێرو حەوزەی ماوەتی هەتا مەرگەو نزیک رانیە گرتەوە گوندنشین بوون و لە گوندی قەرانگوێی دۆڵی جافایەتی نیشتەجێ بوون و ژیانێکی هاکەزایی ژیاون و بەرەزوباخ و ئاژەڵداریەوە خەریکبوون، بێستوون

---

1- چیرۆکی ئەم خانەوادەیەی گوندی سێدەر بابەتێکی سەربەخۆی گۆڤاری ئەنفالستانە، هەریەک لە ئایشی وسیوەو تەیفور خۆیان زیندوون و پێناسەکانیان لەگۆڕی بەکۆمەڵدا بوون، هۆکاری ئەمەش بۆئەوە دەگەرێتەوە کەوا دایکیان ئەنفالکراوەو لەگۆڕێکی بەکۆمەڵدا تەرمەکەی دۆزراوەیەو پێناسەی هەموو منداڵەکانی لەگیرفانیدا بوون، لەناویاندا پێناسەی ئایشی وتەیفوروسیوەش هەبوون .

ئەوکاتە منداڵێکی تەمەن سێ ساڵان بووە، خۆشی بەرێکەوتێکی سەیر، لەبازنەی ئەنفال رزگاری بووە، ئێستا کورێکی کەڵەگەتی قۆزەو خوێندکاری کۆلیژی زانستە لە زانکۆی کۆیەو لە بەشی کیمیا. دەخوێنێ .

ئەوکاتەی پەلامارەکانی ئەنفالی یەک بۆسەردۆلی جافایەتی دەست پێدەکەن، ئەسمەر ئەحمەد پیرۆت پیاوەکەی لەبەرەی شەڕەکان دەبێت (لەقەڵەم پاشا)، ئیتر ئەسمەرو منداڵەکانی بەناچاری بەرەو ئێران دەکەونە رێگەو بەناو بەفرو سەرماو رێگایەکی سەختو پرلەتاوێرداو لەژێر گرمەو ناڵەی تۆپ وکاتوێشادا زۆر بەزەحمەت رێگا دەبڕن، هەتا دەگەنە ئێران ئەوان چاوەروانی مەرگ بوون، کەدەگەنە ئێران لەوێ ماوەی 25 رۆژێک دەمێننەوە کە پروپاگەندەی لێبوردنی گشتی بڵاودەبێتەوەو حکومەتی بەعسیش لەرێگەی فرۆکەوە بەیانیان بۆ فرێدەداتەخوارەوە کە داوای لەخەڵک کردووە بێنەوە سەرماڵ وحاڵی خۆیان، ئەسمەریش لەگەڵ منداڵەکانی بەرەو سەرسنور دەگەرێنەوەو لەوێ چاوی بەحەسەنی مێردی دەکەوێتەوەو پێک شاد دەبنەوە، بەڵام ئەم شادیە زۆر ناخایەنێت. چونکە بەعسیەکان درۆیان لەگەڵدا کردن وهیچ لێبوردنێک لەئارادا نەبوو.

## حەسەن و ئەسمەر پێک شادبوونەوە



یەکتر بینینەوەی ئەسمەرو حەسەن دوای تەواوبوونی قوناغی یەکەمی ئەنفال بوو، قۆناغی یەکەمی ئەنفال تەواو بوو پێشمەرگە پاشەکشەیان کردبوو، سوپا سەرقاڵی ئەنجامدانی قۆناغی دووەمی ئەنفال بوو لەقەرەداغ، لەوکاتەدا هەندێک لە خەڵکەکەی دۆڵی جافایاتی بەپروپاگەندەی لێبوردن دەگەرێنەوە بەو نیازەی خۆیان بدەنە دەستەوەو بچنەوە سەرماڵوحاڵی خۆیان، کەچی بینیان زیلی عەسکەریان بۆ راگیراوەو دوای ناونوسین دەخرێنە ناوئەوسەیارە سەربازیانەوە، کە ئەسمەر (بەزیل)ناوی دەبردن. لەوکاتەی ئەسمەر دەیەوێت سواری زیلەکە بێت عەسکەرێک رێگەی پێناداودەڵێت: برۆ مێردەکەت بهێنە ئینجا وەرەوە رێگەت دەدەم برۆیت، بەڵام ئەسمەر جگە لەبێستون کورەکانی تری (بەختیارومەردان وکاروان)دەخاتە سەیارە سەربازیەکەوەو دەیەوێت لەگەڵ ئامۆزاو مامەکانیدا بینێرێتەوە بۆماڵی باوکی لە چوارقورنە، لەوکاتەدا کەدەیەوێت بیستونیش لەگەڵ ئەواندا بنێرێتەوە ئەو رازی نابێتو دەڵێت من لەگەڵ تۆدەبم. ئیتر ئەسمەرو بێستون دەگەرێنەوەو دەچنەوە لای حەسەنو ئەسمەر حاڵو مەسەلەکەی بۆ دەگێرێتەوە.

حەسەن پێیدەڵێت :

- بریا بیستونیشت لەگەڵ ئەوان رەوانە کردایەتەوە بۆ خواری (مەبەست قەلاتدزێ یە)
- چیی بکەم نەرۆیو بەدوامدا گریا.
- دەی باجارێ بچین لەو چێشتخانەیە نانێکی بخۆین دوایە تەکبیرێکی لەحاڵی خۆمان دەکەین.

ئەسمەر درێژەی بەقسەکانیدایەوە و گوتی : بەخوای هێشتا نانەکەیان بۆنەهێنابووین کە سرتەسرتێک کەوتە ناو خەڵکەکەوە منیش گوێتم، پیاوەکە دە بچۆ بزانە ئەو دەنگ وباسە چیە؟ هەرئەوکاتەی دڵم راچەنی کە

ڕۆیشتو هاتەوە وەزعی باش نەبوو گووتی: واللە دەڵێن ئەوانەی چونە خوارێ صدام هەمووی ئەنفالکردون، منیش گووتم ئەیەرۆ پیاوەکە ئەنفال چیە؟

ئەویش بەدڵتەنگی وبێتاقەتیەوە گوتی: ئەنفال ؟ یەعنی دەفەوتێن.

بەوحاڵەیەوە بەرێکەوتین هاتین ، هاتین (7) شەو ڕۆژان ئێمە بەناو بەفرێدا ڕۆیشتین هەتا هاتینە زوران ماڵی بابم جوابیان ناردبوو گوتبوویان ماڵی کچێکم لەو دیوە (مەبەستی ئەودیو سنورە) ناوی ئەسمەرەو پیاوەکەی ناوی حەسەنەو لەوحاڵەیو لەو ڕەنگەی پێیان بلێن، نەیەنە خوارێ ڕەش بگیرە، هەرچی بێتە خوارێ چاوی بە دنیایە ناکەوێتەوە، بە ئیرادەی خوای بابم بە حاجیەکیدا جوابی ناردبوو ئەو حاجیە لەمزگەوتێ توشمان بوو، کە حاجی ڕاسپارەکەی بابمی پێی گوتین، هەڵوێستەیەکی کردو گووتی ، بەڵان بابت گوتوویەتی منداڵی پێن ؟ ئەوقسەیە ترساندمی .


حەسەن ئەحمەد حسێن – گوندی قەرانگوێ

ئێمەش هەر بێستوونمان لەگەڵ بوو، یەکدو ڕۆژان هەرلەوێ ماینەوە، دوایە حەسەن گوتی: ئەگەر سەیارەیەک بوو تۆ بیستوونی بەرەو برۆنە خوارێو سۆراخێکی منداڵەکان بکە، ئەگەر لێرە شتێک بوو من دەتوانم بەشاخی هەڵگەرێمو خۆم دەربازکەم، دوایی پاصێک هات چووم سواربم، پیاوێک گووتی: ئەوە بۆ وا تۆزوخۆڵاوی دەڵێی لە ئێرانێ هاتووەیەوە هەربەئەنفالەکان دەچی، واللە خێرا سایەقەکە فریاکەوت، گوتی نائەوە ئامۆزای خۆمە لەگەڵ مێردەکەی نێوانیان باش نیە دەیبەمەوە خوارێ بۆماڵی بابی، هەتا دڵیان چاک دەبێ، باش بووکابراش بێدەنگ بوو دەنا خەریک بوو بلێم ئەرێواللە لەوانم. کە هاتینە خوارێ سایەقەکە گوتی: براژن دەچیە کوێ ؟ گوتم دەچمە ماڵی محمدی ئامۆزام لێرە چێشتخانەی هەیە، گوتی ئێ ئێ، دەیناسم، ماڵی ئاوابێ بردمیە کن محمدیو گووتی تەسلیمی بابی بکەوە، ماڵی بابم لە چوارقورنەی بوون، چومەوە ماڵی بابم، لەوێ بابم بە جاشێکی گوت ڕەسوی ناوبوو، ڕەسووی سوارەی پێگوت گەلێکت مەمنون دەبم زاوایەکەم بۆبێنێ خوارێ، ئەویش ماڵی ئاوابێ گووتبووی بە چاوان، ڕۆژێک تفەنگێکی زیادەی بردبوو لەوێ حەسەنی دیتبووەوەو تفەنگەکەی دابووەیەو ئەویش لەخۆی بەستبوو لەگەڵ ڕەسووی سوارەی هاتەوە بۆ لامان.

ئینجا ماڵی بابم لەسەر بەحری خەریکی ڕاوەماسی بوون، ماسی یان دەگرتوو دەیانفرۆشت، حەسەنیشیان بردە سەر بەحرێو لەوێ شاردیانەوە لەناو قەدی بەحرێ لەنگەریان بۆراگرتبوو، حەسەن دوسێ مانگ هەر لەسەر بەحرێ دەمایەوەوخۆی شاردەوە، ئەویش ئاوا بەو حاڵەی نەجاتی بوو. کەچی لەمەراقی کوڕەکانو براکانیدا ئەویش نەژیاومرد.

ئەسمەر هەناسەیەکی هەڵکێشاو دڵی پڕبوو، بەڵام هەرچۆنێک بێت خۆی ڕاگرت و گوتی: جارێکیان تازە موچە بۆ ئەنفالان برابووەوە، حەسەن چووبوو، موچەکەیان وەرگرێ، کە هاتەوە ڕەشداگیرابوو، وەزعی زۆر خراپ بوو، منیش لێم پرسی ئەوە چیە حەسەن بۆ وا تێکچووی ؟ گووتی : وەاللە ئەسمەر ئەگەر پارەکەم وەرگرت یەکسەر حوسێنی براموو منداڵەکانم بیرهاتنەوە گەلێکم بەلاوە ناخۆشە.. بەوحاڵو دەردی سەریەی ئێمە گەیشتینە ئەمرۆ جا نازانین چ مەینەتییەکی ترمان لەپێشماوە، بەخوای ئێستاش هەر هیچمان

بۆنەکراوە. ئەوە ژیانو حاڵەکەشمانە پێویست ناکات لەوبارەیەوە قسەت بۆ بکەم.چونکە دازانم هیچ سودێکی نیە ،

## بێستونیش بە نۆرەی خۆی

کاتێک کە دایکی قسەی بۆ دەکردم بیستوون زوو زوو خۆی دەهاویشتە ناوقسەکانەوە، بەڵام من داوای یارمەتیم لێدەکردو دەمگوت با دایکت قسەم بۆبکات ودوایی نۆرەی تۆش دێت، کەچی کە بیستوون هاتەقسە ئەسمەر وورد گوێی لێگرتبوو، بەڵام جاربەجار ئەوەندە بەسۆزەوە لە دەمودوی بیستوونی دەروانی، من تەواو هەستم بە ترسێکی حەشاردراو دەکرد لەوەی بەهۆی ئەم قسانەیەوە لەچاونەچێت و دەردوبەڵای نەیەتەرێ.

**بێستون دەستی بەقسەکانی کرد ووتی :**


ئەحمەد حسین ئەحمەد ناسراوە بە ئەحمەدی گولناز-گوندی قەرانگوێ

هەرگیز ئەو قسەیەی باپیرم (ئەحمەد گوڵناز) لە بیرناچێتەوە کە دەیگووت: (ئەو رۆژەی کە بەعسیەکان لە تۆپزاوا سەعاتەکەیان لەدەستی حوسێنی کورم کردەوەو شەقازلەیەکیان لێدا، ئیدی لەو ڕۆژەوە من حساب دەکەم مردووم)[2]

بیستوون دەڵێت: باپیرم هەمیشە ئازارو دەردومەینەتیەکانی خۆی لە نوگرەسەلمان بۆ دەگیرایەوە، کە چۆن ئازار دراون، لە تۆپزاواو نوگرەسەلمان سوکایەتی زۆریان پێکردوون و بێخواردنو بێ ئاو، رۆژانە سێ سەمونی رەقو بچوک بەکەمێک ئاوی سوێرەوە دراوەتە زیندانیەکان، باسی مردنی خەڵکو فرێدانیان لە دەرەوەی قەڵاکەی نوگرە سەلمان بەبێ ئەوەی رێزیان لێبگیرێ، باپیرم بۆی دەگێڕاینەوەو دەیگوت لەوێ تەلەیکی دڕکاوی هەبوو زۆرجار مردووەکانیان لەبن ئەوتەلە فرێدەدا.

بێستوون دەڵێت : بەلای منەوەهەندێک شت هەیە زۆر گرنگەو چارەسەریشی ئاسانە، باشکردنی ژیانی خەڵک دابەشکردنێکی عادل ودادپەروەرانە چارەسەری دەکات، بەتایبەتی ژیانی کەسوکاری ئەنفالو قوربانیانی کیمیاباران بەشێوەیەکی گشتی کە ئێستا حالیان زۆرخراپە، خراپیەکەشی دولایەنە هەندێکی سایکۆلۆژیەو هەندێکی ئابوریو کۆمەلایەتییە، لەبارەی سایکۆلۆژیەوە جێبەجێ کردنی بریاری دادگای ئەنفالو دادگایی

---

[2] مەبەستی لەباپیری ,باوکی باوکێتی بەناوی

ئەحمەد حسین ئەحمەد ناسراوە بە ئەحمەدی گولناز کە لەدایک بووی ١٩٢٧ بوو. ئەو پیرە مێرەدە لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ لە قۆناغی یەکەمی پەلاماری ئەنفالدا لەگەڵ زۆرێک لەخزم وکەسوکارەکەیدا گیراوەو رەوانەی بنکەی سەرەکی تۆپزاواکراون، دوای ئەوەی پرۆسەی پۆلێنکاری کراو ژن وپیاو پیروگەنج لێک جیاکرانەوە، ئەویش لەگەڵ هاوسەرەکەی بەناوی (خونچە رەسوڵ) خرایە ناوپیرەکانەوەو رەوانەی قەڵای نوگرەسەلمان کراون، لەوێ ماوەی شەش مانگ زیندان بوون و دوای ئەوەی بەلێبوردنی گشتی ئازادکران گەرانەوە بۆ کوردستان ئەحمەد لەتەمەنی (١٠٠) ساڵیدا، لە ڕۆژی ٦/١٠/ ٢٠٠٢ دا لە ئۆردوگای پیرەمەگرون کۆچی دوایی کردووە .

بەداخەوە لە پەلاماری ئەنفالدا ٢٧ کەس لەکەسوکاری بەتایبەتی کورەزاو کچەزاو برازاوخوشکەزای ئەنفالکران وجارێکی تر نەبینرانەوەو بێ سەروشوێنکران .

کردنی تاوانباران، بەجیهانی کردنی تاوانی ئەنفالو جینۆساید، بۆئەوەی ئەو تاوانەی دژی ئێمە ئەنجامدرا جارێکی تر لەگەڵ کەسی تر دوبارە نەبێتەوە، چونکە ئەنفال تاوانێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو جینۆساید بوو، ئەوتاوانە گەورەیە نیازی بوو هەموو میللەتی کورد لەناوبەرێت، بەڵام ئەو کاتە هەرئەوەندەی بۆکرا، ناساندنی ئەم تاوانە بەتایبەتی لە نەتەوەیەکگرتووەکان زۆر گرنگە ئەمەش بۆ ئێمە قەرەبویەکی سایکۆلۆژی گرنگە، لەباری ئابوریو کۆمەلایەتیشەوە حکومەتی هەرێم ئەگەر بیەوێ دەتوانێ باشتر ئاوەر لەکەسوکاری ئەنفالو هەموو قوربانیانی تری جینۆساید بداتەوە، خۆ ئاورلێدانەوە هەرموچە نیە، بەڵکو لەباری تەندروستیو پەروەردەو خوێندنیشەوە دەتوانێ پرۆژەی خزمەتگوزاری باش ئامادە بکات، راستە ئەوە ئەرکی حکومەتی عێراقە قەرەبووی کەسوکاری قربانیانو زیان لێکەوتوان بکاتەوە، بەڵام ئەرکی حکومەتی هەرێمە ئەم ئەرکە بە حکومەتی مەرکەزی جێبەجێبکات، حکومەتی هەریم دەبێت هەولبدات قەناعەت بە حکومەتی ناوەندی بینێ بەم ئەرکە هەستێ؟ هەروەها دروستکردنی خانووو پێدانی زەوی ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، یان دۆزینەوەی هەلی کار بۆ کوروکچی ئەنفالو کەسوکاریان، هەروەها چارەسەرکردنی نەخۆشەکانیان، ئەوانەی توانای چارەسەری نەخۆشەکانیان لەناوخۆدانیە، ئێمە خۆمان قوربانی ئەم کەمتەرخەمیەی حکومەتی هەرێمین، باوکم لەمەراقی کورەکانیو براکانیدا تووشی نەخۆشیەکی کوشندە بوو، ئێمە توانای چارەسەرکردنیمان نەبوو، چارەسەری نەخۆشیەکەی لە ئیتالیاو ئەلمانیا دەکرا، ماوەیەکی زۆرنەخۆش بوو، چارەسەرکردنی لەتوانای ئێمەدا نەبوو، بروابکە ئیستاش 25000 هەزار دیناری سویسری قەرزاری نەخۆشیەکەی باوکمانین. کەچی هەربۆشمان چارەسەر نەکراو کۆچی دوایی کرد، چی دەبێت ئەگەر پیاوێکی وەکو باوکمان، سێ کورو براکانی ئەنفالکراون حکومەت وەکو رێزلێنانێک چارەسەری نەخۆشیەکەی بگرێتە ئەستۆ؟ بەتایبەتی ئەگەر کەسێک دەرامەتی نەبێتو چارەسەری نەخۆشیەکەی لە توانای خێزانەکەی بەدەربێ . هیوادارم هەرباوکی منبێ، لەمەولا حکومەتی هەرێم چارەسەری ئەو جۆرە کەسانە بگرێتە ئەستۆو تا کەسوکاری ئەنفال هەست بەوە بکەن کە رێزیان لێدەگیرێت .

بەراستی ئەرکی حکومەتە بیرلە کەسوکاری ئەنفال بکاتەوە، وەکو گوتم: خۆ هەرموچە چارەسەرنیە، هەندێک کەس هەن کەسوکاری ئەنفالنو کەسیان نەماوە ئێستا پیروپەک کەوتەنو پێویستیان بەخزمەتە، لەوانە هەیە لەنوگرە سەلمان گەراوەتەوە، کەسی نەماوە، پێویستە خەلوەتگەیەکی پیریان بۆبکرێتەوە، با لەپەنای ئەوانیشدا دو حالەتی تریش سودمەندبن، تا ئەوکاتەی لە ژیاندا خزمەت بکرێنو بەرێزەوە بژین، راستە ئەوانە موچەیان هەیە بەڵام زۆربەیان سود لە موچەکانیاشیان وەرناگرن، خەڵکی تر دەیخوات، حکومەت لەبری موچەی ئەوکەسانە بۆیان بکات بە خەلوەتگەیەکی پیریو خزمەتی خۆیانی پێبکرێتەوە زۆر باشترە لەوەی خەڵکێکی تر بۆیان وەربگرێو بۆشیان بخوات. پێشتر باسی پەروەردەو خوێندنم کرد، خۆ کەسوکاری ئەنفال هەموویان هەر پیروپەک کەوتە نین، دەیانو سەدان خوێندکاری پەیمانگاو زانکۆ، یان دەرچوی کۆلێژەکانو خەڵکی رۆشنبیریان تێدایە، هەیانە ئێستا زانکۆی تەواو کردووەو خەریکی نامەی ماستەرو دکتورایە، با حکومەت رێزیان لێبگرێتو ئاسانکاریان بۆبکاتو هاوکاری مادیو مەعنەویان بێت، یان ئەوانەی ئێستا لە قۆناغی ئامادەییدان نسبەیەکیان بۆدیاری بکرێت لە زانکۆکاندا، ئەمە وەکو رێزلێنانێک هەقە دەرفەتی خوێندنیان بۆ برەخسێنرێت.

دروستکرنی باجێک یان پێناسێکی رێزلێنان بۆکەسوکاری ئەنفالو کیمیاباران، یان قوربانیەکانی تر، بۆئەوەی بتوانین شانازی پێوەبکەینو لەدامو دەزگاکانی حکومەتدا بەرێزەوە مامەڵەکانیان بۆ جێبەجێ بکرێت، ئەوە سەربەرزیە بۆ ئێمە کە کەسوکارمان ئەنفالن. بەڵام هەقە بۆخەڵکیش هەروابێ، نەک بەزەیی پێماندا بێتەوەو وەکو لێقەوماو تەماشامان بکرێت. هەرچەندە من سەربەرزم بە برا قوربانیەکانم، بەڵام خەڵکێک هەیە

ئەوە نازانێ منی قوربانی دوێنێ بەراستی دژی بەعس بووم. بۆیە هەقە رێزمان لێبگیرێ نەک بەزەییان پێماندا بێتەوە.